# هەڵبژاردنی هۆڵەندا و تێڕوانینی هۆڵەندیەکان بەرامبەر بە هۆڵەندیە تازەکان!



**بەختیار بەکر**

هۆڵەندا وڵاتێکی بچوکە و پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی وڵات لە ئەستۆ دەگرێت، چوار ساڵ جارێک هەڵبژاردنی گشتی دەکرێت، ئەم ساڵ وەکو نەریتێکی ئەم وڵاتە لە 11/22 هۆڵەندیەکان دووبارە ڕوودەکەنە بنکەکانی دەنگدان و نوێنەری خۆیان هەڵدەبژێرن. لە نێو بیست ملیۆن هۆڵەندی ڕێژەیەکی بەرچاو پێست ڕەش و سەر ڕەشن، کە لە بنەڕەتدا خەڵکی وڵاتێکی ترن، بەهەرحاڵ من لێرە بەدواوە ئەمانە بە هۆڵەندیە تازەکان ناو دەهێنم.

هۆڵەندیە تازەکان خەڵکی وڵاتی جیا جیان و زۆر زۆرن ناتواندرێ ناوی هەر هەموویان بهێنم بەڵام بەشێکیان جالیەی دیارن و هەمیشە لەسەر زارن، لەوانەش سورینامیەکان، ،مەغریبیەکان، تورکەکان، ئیندۆنەیسیەکان، چینیەکان و نەتەوەکانی تر، لە نێو نەتەوەکانی تر ئێمەی کورد بەشێکی دیار و چالاکین، لە هەمان کاتیش ناوێکی چاکمان دەرکردوە.

کوردەکانی هۆڵەنداش وەکو نەتەوەکانی تر زۆربەیان خاوەنی ڕەگەزنامەی هۆڵەندین و مافی دەنگدانیان هەیە بەڵام ئاخۆ دەبێت تا چ ئاستێک هەست بە هۆڵەندیەتی خۆیان بکەن و چ جیاوازیەکیش هەبێت لە نێوان کەسێکی هۆڵەندی ئەسڵ و کەسێکی تازە هۆڵەندی، لێرەدا بە پێویستی دەزانم باسی دوو ڕووداوی دواین پرۆسەی هەڵبژاردن بکەم کە هۆڵەندایەکانی تووشی شۆک کرد، ئەویش کوشتنی " پیم فۆرتاون – سەرۆکی پارتێکی هۆڵەندی و تەیۆ فەن خۆخ – نوسەر و دەرهێنەر " بوو. ئەم دوو بەڕێزە بۆچوونی تایبەتی خۆیان هەبوو لە سەر ئیسلام، هەر بۆیەش یەکێکیان لە لایەن موسڵمانێکی هۆڵەندی بەناوی " مەحەمەد ب. " تیرۆر کرا. لە دوای ئەم دوو ڕووداوە و کارەساتی یانزەی سێبتێمبەر هۆڵەندیەکان کەم و زۆر هەڵگەڕانەوە لێمان، من دڵنیام هەموومان ئەم ڕاستیە دەزانین بەڵام مەرجیش نیە هەموومان بتوانین دان بەم ڕاستیانە دابنێین.

بەڕێزان لە دوای ساڵانێکی دوور و درێژ لە هەندەران و هیلاکیەکی زۆر بەدەست فیر بوونی زمانی هۆڵەندی و تێکەڵاو بوون بە کەلتورێکی بیانی و تەواو کردنی خوێندن و دۆزینەوەی کارێکی شیاو بە خوێندنەکەم، تۆزێک هەستم دەکرد کەوەکو کەسێکی هۆڵەندی سەیر دەکرێم و بە چاوی بێگانە تێم ناڕوانن تا چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا!

بەڕێزان لە هۆڵەندا وا فێر کراوین کە بە چەند هەفتەیەک بەر لە هەڵبژاردنەکان تەنها باسی سیاسەت بکەین. پارتە سیاسیەکان بە بێ کێشە پێشبڕکێ لە گەڵ یەکتر دەکەن و ڕەنگی پارت و وێنەی سەرۆک پارتەکان لە هەموو شوێنێک هەڵدەواسرێ و سەرۆک پارتەکانیش دەڕژێنە نێو شارەکان و هەوڵ دەدەن دەنگدەران بۆ خۆیان ڕاکێشن.

لە هەفتەی ڕابردوو لە چاڵاکیەکی هاوبەشی کۆمیتەی بەنەلۆکسی یەکێتی و یانەی کوردی میدیا هەڵساین بە سازدانی کۆبونەوەیەکی فراوان بۆ نوێنەرانی پارتی کاری هۆڵەندی. لە هەمان ڕۆژ بەر لە چەند کاتژمێرێک لە کۆبوونەوەکەمان لە بازاڕی شار ڕوو بە ڕووی "ڤاوتەر بۆس" ی سەرۆکی پارتی کاری هۆڵەندی بوومەوە، ناوبراو هانی خەڵکی دەدا و گوڵی سووریشی وەکو سیبۆڵ بۆ پارتەکەی دەبەخشیە خەڵک و باسی پرۆگرامی پارتەکەی بۆ خەڵک دەکر، لە هەمان

کاتیش وەڵامی پرسیاری خەڵکی دەداوە، منیش پاش گوێگرتنێکی زۆر پرسیاری خۆم کرد و زۆر خۆشحاڵ بووم لە وەرگرتنەوەی وەڵامی پرسیارەکەم و وەرگرتنی گوڵێک لە سەرۆکی یەکێک لە پارتە هۆڵەندیەکان، ئیتر کارم نەما و کاتیشم کەم بوو شوێنەکەم جێهێشت، بەڵام زۆر بەداخەوە دەیگێڕمەوە کە پاش دوور کەوتنەوەم بە چەند مەترێک لە "ڤاوتەر بۆس" داوای ناسنامەم لێکرا لەلایەن کەسێکی پۆلیسی مەدەنی و تووشی پرسیار و وەڵامێکی زۆر بووم. دوای ئەوەی داوای لێبوردنم لێکرا لەلایەن پۆلیسەکە و گوایە من بە کەسێکی تر تەگەیشتووە. بەڵام من ئەمە بووە هۆی نیگەرانیم و هەستم کرد کە پۆلیسەکە لەسەر بنەمای ڕەنگی پێستم گومانی لێ کردووم. شایەنی ووتنە من ئەم ڕوداوەم کرد بە نوسراوێکی فەرمی و توانیم لە ڕێگەی بەڕێز " هان نەوتن " ی سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی کاری هۆڵەندی لە ژووری یەکەمی پەرلەمانی هۆڵەندا بگەیەنمە "ڤاوتەر بۆس" بۆ دەربڕینی نارەزیی خۆم. هیوام خواست بەڕێزیان ڕۆڵی بەرچاو ببینن لە چاک کردنی ئەو گرژی و تێڕوانینە نەگەتیفەی کە هۆڵەندیەکان پێیانەوە دیارە.






"ڤاوتەر بۆس" ی سەرۆکی پارتی کاری هۆڵەندی